# شەو لای (مەحوی)

## روانینێکی ئیستێتیکیانە

هێمن عومەر خۆشناو

**سەرەتا**

ئیستێتیك و شیعر لە زۆر لاوە سەرچاوەکانیان بۆ یەکتر دەگەڕێتەوەو هەندێ جاریش تێك دەگیرێن, بە پێی جۆری تێڕوانینەکان بەرامبەر پێناسەکردنی هەردوو چەمك، چونکە بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتنی چەمکە ئەدەبییەکان دا هاتووەو لەو سۆنگەیەوە ڕەوانبێژیی کلاسیکی، کە بە بناغەو بنەوانی باڵەخانەی ئەدەبیاتی کۆن دادەنرێ، تەواو پێناسەکانی جوانی لە خۆیدا بەرجەستە ناکات، بەو پێیەی ئەوەندەی بایەخ بە وشە ئارایشت و پێکهاتەی وێنەکان دەدا، ئەوەندە هەستی جوانی لەخۆیدا هەڵناگرێ. بە مانایەکی تر خەریك بوون بە عەقڵگەرایی و ناوەڕۆك، زۆر جار بواری تەواو نادات و جێ بە جوانییەکانی تر لەق دەکات. دەتوانین هەردوو چەمکی سیستەمی ڕەوانبێژی و سیستەمی جوانیناسی، لە دوو لاوە لێك هاوێر بکەین، بەوەی یەکەمیان (لەسەر بناغەیەکی لۆجیك و عەقڵەوە دامەزراوەو پرەنسیپی وێنەیی و بنەمایەکی فۆرمی لەخۆگرتووە کە کاری هونەری بەو پێیەی لاسایکردنەوەی سرووشتە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، هەرچی دووەمیانە، کە سیستەمێکی تازەی مەعریفییە تەنیا لەسەر پرەنسیپی هەست کردن بە جوانی کار دەکات، کە ئەمەش یەکەمین کلیلی چێژ وەرگرتن لە هونەرە بەو پێیەی خەیاڵ لە هەموو کۆت و پێوەندەکانی عەقڵ ئازاد دەبێت.)(1)[1]

ئەم تێڕوانینەی سەرەوە مەرج نییە لەگەڵ هەموو سەردەمەکان کۆك بێت، چونکە قۆناغەکانی ئیستێتیك لە ڕێڕەوی مێژوودا گۆڕانی بەسەرهاتووەو بەگوێرەی تیۆریایەکانی تایبەت بەم زانستە گۆڕاوە، بەڵام ئەمەی وترا زیاتر بەسەر ڕۆشنگەرەکانی ئەڵمانیا دەچەسپێ، بەتایبەتی بیروڕاکانی ئەلسەندەر باومگارتن (1714- 1762ز) کە یەکێکە لە تیۆریستە ناسراوەکانی بواری ئیستێتیك و ئەو دیوارێك دەخاتە نێوان لۆجیکێکی عەقڵگەرایی و جوانیناسییەکی هونەری. بۆیەش لێرەدا هەوڵی هێنانەوەی ئەم بیروڕایەمان دا، چونکە نزیکترین بیروڕایە کە بەندیوارییەکی لەگەڵ دەقی شیعری هەبێت.

---

[1] استطيقا الشعر ، **في الأسس الفلسفية لعلم جمال الشعر** ، عبدالعزيز بومسهولى
انترنيتhttp://www.aljabriabed.net/n15_11busamhuli.htm

هەروەها (کانت)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی نزیـك لـەو سـەردەمە و نزیـك لـەو بیروڕایـە قسـە لـەبارەی لاسایکردنەوەی سرووشت و مەسەلەی رۆح و مەسەلەی سوودو چێژ کـردووەو بـە هـەموویان دەقـی شیعری و جوانییەکانی دەخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، کە دواجار رێگاخۆشکەر دەبن بۆ دۆزینەوەی جوانیی لەناو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکاندا بەتایبەتی دەقە شیعرییە کلاسیکییەکانی کورد.

بە رای بۆمگارتن **Baumgarten** (ئێستێتیك زانستی زانینی هەست و تیۆری هونـەرە جوانـەکان و تیۆری زانینی سادەو هونەری بیرکردنەوەیە لە جوانی)[2] کەوابوو لێرەوە هەست کردن و گرنگـی دان بە هەسـتی مـرۆڤ کـەم تـا زۆر پێچـەوانەی دیـوە شـاراوە بـێ هەسـتەکەی لۆجیـك و عەقڵـە کـە کلاسیستەکان هەمیشە بانگەشەیان بۆ دەکـرد، چـونکە دەشـێ هـەردووکیان یـەکبگرن بـۆ ئـەوەی بیرکردنەوەیەکی تەندروست بەرهەم بێنن, چونکە بیرکردنەوەکە لە رێی عـەقڵ دەبێت، بەلأم بیرکردنەوە لە جوانی، هەستیش لەگەڵ خۆی پەلکێشی کردەکە دەکات, کە دواتر بەرەو کامڵ بوون دەچێ.

بە جیابوونەوەی عـەقڵ و هەستیش فەلسەفە وەك داپۆشەری چەمکەکان بەهایەکی ئەوتۆی نـامێنێ، بەو پێیەی خودی بۆمگارتن (ئەو هێزەی کە جەخت لەسەر لۆجیك دەکات، کە هێـزی بـالأی ئەقڵـە، لەگەڵ ئەو هێزەی کە جەخت لەسەر ئیستاتیکا دەکات، کە هێزی نزمی هەستە، کردنی بە دوو بەشی هێزی زانین، کە بە لۆجیك دەگەینە هەق و بە ئیستێتیکاش دەگەینە هونەر)[3]

کەواتە تام و چێژ وەرگرتن لە دەقێکی ئەدەبی دەبێ بـەهۆی ئیسـتێتیکەوە بێـت و بـە پێوەرەکـانی دەتوانرێ بەها جوانەکانی دەقەکە دەستنیشان بکرێ، نەك بـە پێـوەرە عەقڵیـەکان, چـونکە پێـوەرە عەقڵیەکان هەست بەرهەم ناهێنن, بەڵکو هەستەکان دەبنە هۆی جولأنی کردەی بیرکردنەوە.

لە ژێر رۆشنایی تێڕوانینەکانی (کانت و بۆمگارتن)، شەو وەك دیاردەیەکی سرووشـتی گـەردوون لـە دەقی (شەو کەسێ پرسیویە لە خۆدەرخستنی...) مەحوی، شیدەکەینەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی بەها جوانییەکانی دەدەین.

## شەو و پێوەرەکانی جوانی و ناشیرینی

بێگومان جوانیی وەکو چەمکێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەلأم بە شێوەیەکی گشتی لە چەند روویەکی گشتیدا هاوبەشن، لەبەرهەندێ زۆربەی شتەکان بە تێڕوانینـە گشـتییەکە حـوکمی جوانی یان ناشیرینی بەسەردا دەسەپێ، ئەمە لە بەرهـەمی ئەدەبیدا لـە شـتێکدا جـودا دەبێتـەوە، ئەویش بریتییە لە کردەی داهێنان، بە هۆی داهێنانـەوە جوانییـەکان پوخـت دەبنـەوەو چڕبوونەوەی تێڕوانینە جوانی ئامێزەکان زۆرجار داهێنان دەخولقێنن و دووبارە دەبنەوە جوانییەکی پوختتر.

---

[2] سەرچاوەی پێشوو

[3] علم الجمال عند ابی حیان التوحیدی ومسائل في الفن، د.عفیف بهنسی، بغداد، مطبع ثنیان، 1972 ص77

له راستیدا (ئێستێتیك مادەم زانستی زانینی هەستەکانە و ئامانجیش لێی گەیشتنە بە پلەی کەماڵی ئەو هەستە، ئەمە بۆ خۆی جوانییە، هەر کەمو کورییەکیش لەم هەست کردنە بریتییە لە ناشیرینی)[4]

کەوابوو گرنکە لە هەر شتێکدا هەوڵدان بۆ پلەی کەماڵی ئەو هەستە لەلایەك کردەی داهێنان دروست دەکات و لەلایەکی تر جوانیی دەخاتە روو. بۆیە دەشێ ئەو شتەی لای هەستی خەڵك جوان نییە, چونکە ئەو خەڵکە بە ئەزموونی کەماڵ تینەپەڕیون، بەلاّم لای شاعیر جوان بێت، بەو پێیەی لەناو ئەو گەیشتن بە کەماڵە چێژو بارە تایبەتییەکەی چێژ هەیە.

لێرەدا چەمکی (شەو) ئەگەر پێچەوانەکەی وەربگرین لە مێژوودا، (رۆژ) جوانی و مەسەلەی سوودگەیاندنی لەخۆدا بەرجەستە کردووە, بە پێچەوانەوە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا شەو هێمای تاریکی و ناخۆشی و بیرهێنانەوەی قەبرو شتە ترسناکەکانە, ئەمە بە پێوەری خەڵك، بە گشتی شەو ناشیرینی و رۆژ جوانی بەخشە. کەواتە پێویستمان بەوەیە نهێنی شەو ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی بتوانین جوانییەکەی بدۆزینەوە. بەم پێیە دەشێ وەك هاوشانی پێناسەکە کە تیۆری زانین- مەعریفەیە، بەو تیۆرو تێروانینەوە مەعریفەی کەسێك بۆ هەست کردن بە جوانی لە خەڵکێکی تر جودا بێت، ئەمەش پێوەرێك لە خۆیدا بەرجەستە دەکات کە (پێوەر دانان بۆ بڕیار، کاری کەسێکە کە بە رێی سامانی زانینەوە لە جەماوەر جیا دەبێتەوە)[5]. بۆیە دەکرێ هەست کردن بە جوانی لەلایەن شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جودا بێت، بە گوێرەی ئەزموون و تێگەیشتن و سامانە مەعریفییەکەی و قووڵبوونەوە لە بەها بالاکانی سرووشت و دەروروبەر و هونەر.

لای **مەحوی** باسکردنی شەو، بە مەبەستی بەرهەمهێنانیی رەوانبێژی و دەست رەنگینی نییە لە فەساحەت و بەلاغەت، وەك ئەوەی هەندێ شاعیر جوانی رەوانبێژی و هونەرەکانیان مەبەست بووە, بۆ وێنە نیشاندانی گەردوون لە چاوی کەسێکی وەك (**حاجی قادر**) لە ئەنجامی رامان و تێفکرینیەتی لە سینی و فنجان و قاوەیەك، کە ئەمەش بۆ خۆی نیشاندانی جوانییەکە، بەلاّم ئەمە پێویستی بە ئەزموون و کامڵ بوونی رۆح نییە، وەك حاجی دەڵێ:

**قاوەچی بەزمی ئەتۆ دونیایە سینی ئاسمان**

**ئافتابی زەرفە، فنجانی مەهە، قاوەیی شەوە**

لێرەدا دونیاو ئەوەی لەناو دونیا هەیە بە ئاسمان و رۆژ و مانگ و شەو، بە قاوەچی و سینیی و فنجان و ژێرفنجان و قاوەکە شوبهێنراوە, کەوابوو تەنیا رامانە لە دیمەنێك و هەست کردنە بە وێکچوونی ئەم دوو شتانە. بەلاّم بەلای **مەحوی** جوانیی شەو، کە لای خەڵکی جوان نییە، ئەم نهێنی و شاراوەیی

---

[4] استطیقا الشعر، سەرچاوەی بیشوو

[5] رێبەرییەك بۆ ئیستێتیك، ئاتیماری گیتمان- زیفەرت، وەرگێڕانی کاوە جەلال، کتێبی هەنار-چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، 2009، لا66

جوانییەكەی لە تێڕوانینی ترەوە دەبینێ كە هەموویان لە بەرەنجامی چێژو هەست كردن بە ئـەزموونی كامڵانەی خودەوە سەرچاوەیان گرتووە. وەك دەڵێ:

**شەو كەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو**

**ئەو وتی: ناتێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانە شەو**

دەرخستنی نهێنییەك بۆ نیشاندانی جوانییەك لە قووڵ بونەوەیە لە دیاردەی پرسیاركردن لە هـەبوونی پەروانە لە شەوداو ون بوونی لە ڕۆژدا، كە شاعیر بۆ شتێكی گرنگی دەگێڕێتەوە، كە پێی وایە جوانی شەو لەوەدایە كە كاتی تەجرەبەی مەردانە، چونكە ئەگەر ڕۆژ سەرچاوەیەك بێـت بـۆ ژیـانی هـەموو خەڵك، ئەوا بۆ جوانی عەشق و خۆ دۆزینەوە لە چوارچێوەی چێژی مەردانە، شەو هـەموو كـەس لـە خۆناگرێ، بەڵكو وەك چۆن پەروانە شەوی هەڵبژاردووە بۆ سوتان لە دەوری مۆم، ئەوا بە هەمان شێوە ئەوەی بیەوێت جوانیی مەردایەتی تاقی بكاتەوە دەبێ لە شەودا تاقی بكاتەوە.

## ئێستێتیكی دەق و وشەی شەو

لەم دەقەی مەحویدا ئەگەر بە دیوە سادەكەی لێی بڕوانین وشـەی (جـوان، جـوانی) نـەهاتووە، بـەڵام ئیستێتیكەكە لە ناوەڕۆكەكەیدایە كە خوێنەر بەرەو رووی جوانكاری و رەوانبێژی بـوونی دەق نابـات ئەوەندەی پەلكێشی دەكات بۆ گەیشتن بە نهێنیەكانی شەو، ئەمە بەرەو ئەو رایەی **كانت**-مان دەبات كە بەهۆی هەستەوە لە بابەت تێبگەین و بەو تێڕوانینە پێویستە ((هەست بۆ جـوانی (واتـا هەسـتی ناسكتر)و چێژی چـاك لەیـەكتری جیاكرێنەوە...ئەگـەر بڵـێم جوانـە ئـەوا هۆشسـامبوونەكەی خـۆم رادەگەیەنم بەڵكو هاوكات دەبێژم كە ئۆبژێكتەكە گەرەكە ئەوانیدیكەش هۆشسام بكات)) [6] لێرەوە سەرسامبوونی خوێنەر بە دەقەكەی مەحوی، لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخانەیە كە لە زەینـی خوێنـەردا پێشبینی نەكراو بوو و نەدەبوو روویدابا، چونكە لە هۆشی هەمووماو و كلتووری هەموومانـدا شـەو ئەو بەها جوانییەی نیە. یان بە واتایەكی تر بنەمای داهێنانی دەقەكەی مەحوی لە چۆنیەتی تێڕوانین و دروست كردنی جوانی و بیركردنەوە جوانەكەیەتی بۆ شەو, بەتایبەت ئەگەر لە سەرتاپای شـیعرەكە وردبینەوە.

لەناو ئەو دەقەی **مەحوی** دا بەتایبەتی و دەقەكانی تـری بەگشـتی، هونـەرە رەوانبێژییـەكان هێنـدە خۆیان نیشان نادەن، ئەوەندەی هەست و تێڕوانینەكانی مەحوی دێنە بەر دیدەی خوێنەر، ئەمە لەگەڵ ئەو بڕوایە یەكدەگرێتەوە كە پێی وایە (وێنە ئیستێتیكییەكان و —ئەو شـێوازە داهێنكارییـە- هـیچ پەیوەندییەكی بە رەوانبێژی- ریتۆریكا- نییە، بەڵكو ئەمە هەستن، سۆزن، روانیـنن....) [7] بۆیـە

[6] رێبەرییەك بۆ ئیستێتیك،سەرچاوەی پێشوو لا 89

[7] استطیقا الشعر،انترنیت

ئەگەر لـەم دەقـەی مـەحوی وردبینـەوە، ئەگـەر بنـەمای کـێش و سـەرواش هەڵبوەشـێنینەوە کـە بنەمایەکی گرنگی فۆڕمی بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییە، ئەوا دەقەکە وەك هەست و مەعریفەیەك و دەربڕینێکی پڕ ئەزموون خۆی نیشان دەدا، کە گەرەکیەتی باس لە نیشاندانی ئەزموونی ژیان لەگـەڵ شەودا بکا و وێناکردنی ئەو کاتانەی کە خەڵکی تر بە بێ سامانی مەعریفیەوە لە شـەویان روانیـوەو ئەم/ شاعیریش بە سامانێکی لەبن نەهاتووی حسێب دەکـا، کـە دواتـر نهێنییـەکانی جـوانی لێـوە بەرهەم دێت.

## ئیستێتیکای شەوو سەرچاوەی جوانییەکانی تر

ئەگەر کەسێکی وەکو (ئەفلاتون) جوانی بۆ بیستن و بینین گەڕاندبێتەوەو لە هـەموو هەسـتەوەرەکانی زیاتر بۆ ئەم دوانە تەرخان کردبێ [8](8) ئەوا بەم پێوانەیە خەڵك بەهۆی بینینەوە هەست بە جوانی یان ناشیرینی شەو دەکات، لەو رێگایەوە بە کەمی دەڕواننە شەو، چونکە لە رێی بینینـەوە جوانییـەکان لەناو تاریکایی شەودا ون دەبن و خودی شەویش لەبەر تاریکییەکەی دەبێتە هۆی شـاردنەوەی رۆح و جەوهەرەکەی، لێرەدا (مەحوی) هەست بە رۆح و بیرکردنەوەیەکی ناوازە دەکـات، بـەوەی تاریکـایی شەو ئەگەر بە چاوی بینینی ئاسایی پێچەوانەی رۆشناییە، بەڵام لە راستیدا جوانییەکەی لەوەدایە کە بۆ خۆی تاریکەو بەهۆی ئەو تاریکاییە مانگ و ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە:

**هەر سیابەختانی عیشقە مەزهەری نووری هودان**

**شەونەبێ ئەستێرە مەستوورن بەکەم مەڕوانە شەو**

ئەوانەی بەهۆی دەردی عیشقەوە چارەو بەختیان رەش بووە، ئەوانە لە شەواندا نووری هیدایەتیان تێدا دیار دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بە کەم دەڕواننە شەو نازانن کە نهێنی و جـوانی شـەو لەوەدایـە، ئەگەر شەو نەبێ ئەستێرەکان دەرنەدەکەوتن. کەوابوو با لە خودی خۆیدا خەڵك بە چاوی ئاسایی سەر بەکەمی لێ بڕوانێ، بەڵام لە جەوهەردا شەو دەچێتەوە ناو تیۆریـای سـوود گەیانـدن، ئەمـەش لـەو روانگەیەوە شەو ئەم سوودەی بەخشیوە کە ئەستێرە دەردەکـەون، واتـە بـەهای جـوانی ئەسـتێرە لـە خودی خۆیدا نییە، ئەوەندەی لە بوونیەتی لە کاتی شەوان، چونکە لە رۆژدا ئەستێرە هیچ بەهایـەکی نابێت:

**بۆیە زوڵمەت پۆشە، نوری ئەهلی جەوهەر دەرکەوێ**

**سەیری حەققی کەن لەسەر ئەم ماه و ئەستێرانە شەو**

[8] فلسفة الجمال، د. أميرة حلمى مطر، دار الشؤون الثقافية العامة ( ألافاق عربية) بغداد والهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، بدون سنة الطبع. ص26

ئەگەر لە رۆژدا کەسە خاوەن رۆشناییەکان نەتوانن دەربکەون، ئەوا کاتێکی تر هەیە کە کاتی شەوانە، شەو بەرگی تاریکی لەبەر دەکا بۆ ئەوەی ببێتە مەیدانێکی تر و ئەو کەسانەی شیاوی رۆشنین لەو تاریکاییەدا ببینرێن، بۆیەش شەو حەقی بەسەر مانگ و ئەستێرە هەیە.
کەواتە ئەگەر بە پێوەرە بینینیەکە بۆی بڕوانرێ، کە بینین بەشێکە لە پێنج هەستەکە، ئەوا جوانی شەو نەبێت، ناکرێ چاکەکە بۆ خودی ئەو چەمکانە بگەڕێنرێتەوە کە خاوەنی رۆشناین، چونکە لە تاریکیدا نەبێ ئەوانە بەهایان نیە.
لەلایەکی تر رۆژ وەك ئاوێنەیەك دیوی دەرەوەی مرۆڤەکان نیشان دەدات, ئەوا لە شەودا کردەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە شەو دونیای رۆح دەخاتە بەر تیشکی جوانی، بۆیە جوانیی و سوودی شەو لەوەدایە کە کردەوەی گوناهباران دەشارێتەوە، بەهۆی تاریکییەکەیەوە، ئەگەر رۆژ بیانخاتەروو، ئەوا شەو دەبێتە دالدەیەك و نایەوێ گوناه، کە دیوێکی ناشیرینی یە نیشانی خەڵك بدات, واتە هێزی زاڵی جوانی کە شەوە، بەسەر هێزی زاڵی ناشیرینی کە رۆژە، زاڵ دەبێت:
**ئەم سیارۆزیی منە پۆشیویە عەیبی کەسان**
**ئاشکارە سەتری ئەحواڵی گونەهکارانە شەو.**
ئەگەر گوناه و عەیب لە رووکەشدا ناشیرینیی لەناو خەڵك نیشان بدات، ئەوا دەبێ پەناو پەسیوێك هەبێت ئەم ناشیرینیە لە خۆ بگرێت، بە مانایەکی تر ئەو دەردی ئەوین و ئەوین داران، کە لەناو کۆمەڵگەدا بە شێت و نابووت و خراپ بەرجەستەبووە، ئەوا لە حەقیقەتدا ئەگەر پەناگەیەك دەست بکەوێت تەنیاو تەنیا خودی شەوە لە خۆیان دەگرێ. لەبەر هەندێ هەتا دونیا ماوەو هەتا دەگەین بە رۆژی حەشر، جوانییەکی شاراوە هەیە ئەو جوانییە لە تاریکیدا خۆی دەنوێنێت، کە پەردەپۆشی گوناه و شتە ناشیرینەکانە و لەگەڵ ئەوەشدا هاودەم و هاودەردی عاشقانیشە. کەواتە ئەگەر لە رووکەشدا ناشیرینییەکان دەربکەون، ئەوا ئێستێتیك جەوهەرو رۆح دەخوێنێتەوەو دونیای ناوەوە کە دونیایەکی پەنهانە، پڕە لە جوانی و پێچەوانەی بیرو ئاڕاستەی خەڵك و کۆمەڵگایە، کە ئەوان رۆح و ناوەڕۆك نابینن و هەموو شتەکان لە سوود و چێژ و رووکەشدا بە جوان دادەنێن:
**نەبووە، نابینی لە شەو مەحرەمترێ تا رۆژی حەشر**
**پەردەپۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششاقانە شەو**
وەك چۆن مەحرەمەکان تا مردن لەیەکتر دانابڕێن، بە هەمان شێوە شەو لای سۆفییەکان بە مەحرەمێك دانراوەو هەمیشەو هەموو کات جێگای رازو نهێنییەکان و هاودەم و هاودەردی ئەوانەیە کە لەگەڵ شەو ئاوێتە دەبن، بەلام ئاوێتەیەکی جەستەیی نا، بەڵکو ئاوێتەیەکی رۆحی، ئەو ئاوێزان بوونەی کە تا حەشر لەیەکتر جودا نابنەوە.

## شەو وەك دڵدارو فیداكار

لێرەدا شەو لە قالب و پێناسە ئاساییەكەی تەواو خۆی دادەبڕێت، بەوەی دەگاتە قۆناغی كامڵ بوون، لێرەدا مرۆڤ / شاعیر، لەناو خودی هاوكێشەكانی شەو و رۆژ بەهایەكی نییە، ئەوەندەی جەخت كراوەتەوە سەر ناسینێكی شەو وەك چواندنی بە كەس، بە واتای ئەوەی جوانی و ئێستێتیكی شەو بەهایەكی ئەوتۆی نییە، ئەگەر بە قۆناغی ئەوین و دڵداری تێنەپەڕێ، كە دەبێ لەم خۆشەویستییەدا خۆی بكاتە قوربانی، ئەگەر رۆژ هەروەك چۆن لای خەڵك جوان و پڕ بەرهەمە، بەڵام ئەوە خەڵكی ئاساین كە وا تێدەگەن، لە راستیدا لەپشت ئەم تێگەیشتنە دەبێ بیركردنەوەو روانینێكی تر هەبێت، ئەویش ئەوەیە كە شەو ماوەیەك ناو خۆیدا و لەناو ئیستێتیكدا بەهاكانی خۆی پەخش دەكات، بەڵام دواتر لەم حالەتە دەگاتە ترۆپك و لە چاوەڕوانی دڵدارەكەی خۆیدا دەبێت لە ئێوارەوە تا بەیانی. سەرەنجام شەو خۆی دەكاتە قوربانی تەنیا بۆ ئەوەی رۆژ خۆی دەربخا، كەواتە جگە لە واتا فەرهەنگیەكەی نەمانی شەو و هاتنی رۆژ، خودی ئەم كردەیەو بەم تێڕوانینە ئیستێتیكای شەو دەخاتە پلەی رۆح و بیركردنەوەیەكی هەست ئامێز بۆ جولاندنی بیرو هزری خوێنەر/ وەرگر لە چوارچێوەی بەهاكانی دەقدا:

**شەو هەموو شەو چاوەڕێیە رۆژ هەڵێ، هەر رۆژ هەڵات**

**مەحوە سەرتاپا لەبەر پێیا فیداكارانە شەو**

لێرە بەدواوە گوتاری مەحوی وەكو شاعیر دەگۆڕێ، بەوەی تا ئێستا لە چوارچێوەی وەسفدا دەخولایەوە، لێرەوە گوتارەكە روو لە خەڵكی تر دەكات و شەو دەكاتە نمونەیەكی پەرستن، لەو سۆنگەیەی بۆ تێگەیشتن لە جۆرو چۆنیەتی پەرستن. شاعیر لەنێو هەموو نمونەكانی دەوروبەردا (شەو) دەكاتە پێوەرو نمونەیەكی هەرە راست و دروست، بۆ ئەوەی ئێستێتیك و رەونەقێك بە پەرستنەكە بدات، بە جۆرێك دەیەوێ بڵێ: ئەوەی بیەوێ پەرستنی تەواو و بێ خڵت و خار ئەنجام بدات، دەبێ واز لە رۆژ بێنێت، لەم تێڕوانینەوە پێچەوانەی نەریت و جوانیەكانی كۆمەڵگە هەنگاو دەنێت، بەوەی كە خەڵك، پەرستن ئەنجام دەدات بە شێوەی رواڵەتی و قوربانیدان و فیداكاری تێدا نییە، لەبەرهەندێ جوانترین نمونە دێنێتەوە كە هەر كاتێك رۆژ دەردەكەوێ، هەر زوو شەو خۆی دەكاتە قوربانی، كەوابوو وەك ئەم نمونەیە مرۆڤەكان ئەگەر پەرستنی راستەقینە ئەنجام بدەن، دەبێ بە پەنهانی خۆیان بكەنە قوربانی پەرستنەكەیان:

**خودپەرستینە لە شەو فێری پەرستن بن، كە خۆر**

**هەر دیاری دا، بە دەوری سەریەدا قوربانە شەو**

**ئێستێتیکی فیرقەت و سوتان بۆ یەکتری**

جوانی و ئێستێتیکی شەو هەر تەنیا ئەوە نەبوو کە دڵدارو خۆ قوربانیکەرە بۆ رۆژ، بەڵکو ئەم مومارەسەیە بەردەوام دەبێ، واتە ئەو پەرستنە دوور لە شێوە رواڵەتیەکەی، بە پەنهانی هەر کاتێك رۆژ دەردەکەوێ، ئەم خۆی بە قوربان دەکا، بەمە تامو چێژی ئیمان دەچێژێ، واتە تا نەگەیتە پلەی قوربانیدان ئەم جوانی و ئێستێتیکییە تام و چێژی نابێت، دواتر قۆناغی لوتکە دێ، ئەویش لەناو ئەو قوربانیدانە، سوتانە، ئەم سوتانەش لە ئەنجامی فیرقەت و جیابوونەوە دروست دەبێ، چونکە رەنگی رەش ئەگەر لە نەریت و کۆمەڵگادا رەنگێکی ترسناك بێت و بە شێوەی ئاسایی لێی دەڕوانرێ وەك هەر رەنگێکی تر، بەلاّم لای شاعیر جوانییەکەی لەوەدایە لەتاوی فیرقەتی رۆژەوە شەو دەروونی رەش بووە.

لێرەدا مەحوی لە شێوازە سەرسورهێنەرەکەی (مەولەوی) نزیك دەبێتەوە، بەوەی لێکچواندنی وەرگەڕا (التشبیه المقلوب) دەسازێنێ، کە لەم شوێنەدا پلەو قورسایی دەربڕین و ئێستێتیەکە بەرز دەبێتەوە، دوای ئەم هەموو وەسف و گرنگیدانە بە پێکهاتەو ناڵەو قوربانیدانی شەو، شەوو رەشایی شەو بەخۆی (واتە شاعیر) دەچوێنێ، ئەمەش پێچەوانەی روانینە باوەکەی کلاسیکە کە خۆیان بە سرووشت و دەوربەر دەشوبهاند:

مەولەوی دەڵێ:

**هەر ماهێ نەوبۆ حاڵم پەشێوەن**

**چوون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن**

یان لە شوێنێکی تر دەڵێ:

**گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**

**وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان**

مەحویش سەبارەت بەمە دەڵێ:

**فیرقەتی رۆژە دەروونی کردە داغێکی سیا**

**وەك منی سەودا زەدە، ئاتەش زەدەی هیجرانە شەو**

کەواتە وەك چۆن لە فیراقی رۆژدا، شەو دەروونی بۆتە داغێکی رەش و رەش هەڵگەڕاوە، بە هەمان شێوە، مەحویش لەدەردی هیجرەتەوە وەك شەوی بەسەرهاتووەو لە دووری یارەکەی ئاگری تێبەربووە. ئەم هیجرەت و فیراقەش تەنیا یەك جار نییە لە ژیانیدا، بەڵکو لە هەموو رۆژێکدا دووبارە دەبێتەوە، چونکە بە دوبارەبوونەوەی ئەم فیراقە، شەو مۆرکە عادەتیەکەی خۆی پێوە دەلکێ و دەبێتە تاریکستان، بەو مانایەی وەك چۆن من یارم لێ جیابۆتەوەو بوومەتە خەڵووز، بە هەمان شێوە کە رۆژ نەمێنێ جیهان دەبێتە خەڵووزستان:

**گەر فیراق ئاگر هەموو رۆژێ لە جەرگی بەرنەدا**

**بۆ هەموو شەو تیرە دڵ، سینەی زوخاڵستانە شەو**

ئەم دێرە، شاعیر بە زۆر دەیەوێ ئێستێتیکی بەبەردا ببڕێ، بەوەی خوێنەر وا هەست دەکا شاعیر لە روانینەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، کە رۆژی لا باشتر بێت لە شەو، بەڵام هەر زوو دێڕێکی تری بەدوادا دەهێنێ و بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەڵە لێی تێنەگا، روونتر مەبەستەکەی خۆی چڕ دەکاتەوە بەوەی کە:

**تیرەگی وا فەزڵی بۆ نادەم بەسەر رووناکییا**

**مەنشەئی ئیزهاری جیلوەی فەیزی سبحەینانە شەو**

بۆ فەزڵی تاریکی نەدەم بەسەر رووناکیدا؟ خۆ سەرچاوەی دەرکەوتنی رۆشنایی سبەینان تەنیاو تەنیا شەوە، واتە شەو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی رۆژە. ئەم ئیستێتیکایە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە بەوەی رەنگێکی تاریك و ترسناك ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی رۆشنایی، یان ناشیرینی ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی جوانی، بە مانایەکی تر روانینی سۆفییانە بریتییە لەوەی هەردووکیان لەیەکترەوە بەرهەم دێن. **خواجە عبداللە انصاری** دەڵێت:

((پاکی و بێ خەوشی بۆ ئەو خوایەی کە رووناکی رۆژی لە شەوی تاریك بەرهەمهێنا و تاریکی شەوانیشی لە روناکی رۆژ پەیدا کرد[9])).

لە شوێنێکی تردا ئەم روانینەی مەحوی چڕتر دەبێتەوە بەوەی کە رۆژ مەست و سەرخۆشە بەیانیان، سووچی شەوە، کە پیاڵەی شەرابی لە دەستی پیاڵەگێڕێك وەرگرتووە:

**شەو دەبێ بادەی لە دەستی ساقییەك وەرگرتبێ**

**ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتە دەر مەستانە رۆژ**..لا 138

## شەو و ئێستێتیکای خەڵوەت و نیاز

رەنگە لێرەوە لەو بنەمایە نزیك بکەوینەوە کە ئێستێتیك بە سوود و چێژەوە گرێ دەدات، چونکە لای سۆفییەکان سوودێکی ئیمانی و چێژێکی رۆحی لە شەودا هەیە، جگە لەوەی مەنزڵگاو کاتی دەرخستنی رازو نیازەکانە، بەمەش لە رووپامایی و لە نەریتە باوەکە دەچێتە دەرو سۆفی لە حاڵەتێکدا دەیەوێ لە بێ هەست و خوستی دونیاو لە تاریکی شەوان و لەو کاتەی خەڵکی تر لە شیرینی خەودایە، ئەم رازی دڵ بخاتە روو و بە لیقای رۆحی دلبەرەکەی شاد بێت، کەوایە مەحوی دەیەوێ بڵێ مەگەر هەر لە تاریکی شەوان و لە بێدەنگییەکەی رێگا بدرێ ئەهلی رازو نیاز، واتە

[9] فرهنگ اصطلاحات عرفانی، فرزین سجادی، ص 497

دڵداران دڵیان بۆ یەکتر بکەنەوە، چونکە ئەو کاتانە بە شەو ناسراوە، شەویش خەڵوەتگای کەسە تایبەتەکانە. لێرەدا شەو وەك بونیادێکی زەمانی (کاتی) ئەرکە فەرهەنگیەکەی ون کردوەو بۆتە بونیادێکی شوێنی، وەك ئەوەی شەو ماڵێك بێت یان شوێنێك بێت بۆ خەڵوەت:

**هەر لە تاریکی شەوایە ڕێ دریّ ئەهلی نیاز**

**رازی دڵ ئیفشا بکەن، خەڵوەتگەهی خاصانە شەو**

کەواتە کات و شوێنەکە ئەوەندە گرنگە، شاعیر نایگۆڕێتەوە بە ڕۆژ و بە ڕۆشنایی و بە جوانیی ڕۆژ، چونکە لەم شوێن و لەم کاتەدا (یار) دەدۆزرێتەوەو ئاڵو گۆڕی ڕۆحەکان بە ئەنجام دەگات. بۆیە لە قەسیدەیەکی تر دەڵێ:

**ماهەکەم ئەمشەو شوکر پرتەوفشانی خانەیە**

**قەت لە دەرگا دەردەچم گەر بێتە سەر ئەم بانە ڕۆژ.** .لا139

کەوابوو ئەگەر شەو تاریکەو چاو دونیا نابینێ، بەڵام لەم کات و شوێنەدا یار- ماه-، ڕۆشنایی دەبەخشێ و شۆق و ڕەونەقی لە ڕۆژ دەبڕێ و حەوجێی ڕۆژ نابێت و ڕۆژ بێتە سەربانیش بەلایدا ناچێت. لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کلتووری کۆنی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی ئەزموونی مسوڵمانان لەو تێڕوانینەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژ(خۆر) پیرۆزی خۆی هەبووە بەتایبەتی ئەگەر نزیك بکەوێتەوە لە مرۆڤ، ئەمەش بە شێوەی خوازەیی دەبێت و لە قسەو گوفتاردا زۆر بەکارهاتووە. پێغەمبەر(د.خ) کە داوای لێکرا واز لە بانگەوازەکەی بهێنێ، بۆخەڵکی قورەیش ئاماژەی بەوەدا ئەگەر ڕۆژ بخەنە دەستی راستم و مانگیش بخەنە دەستی چەپم واز لەو پەیامە ناهێنم[10].

یان ئەبوبەکری سددیق لەو خەونەیدا کە بووە هۆی مسوڵمان بوونی بریتی بوو لەوەی کە ڕۆژ هاتو کەوتە سەر زەوی و ئەویش لەباوەشی کرد.

ئەمانە لە خەوندا بێت یان لە ڕاستیدا، دەسەلمێنن خۆشەویستییەك بۆ خۆر هەیە لە مانای ژیانەوەو ڕۆشنایی بەخشیندا، بەڵام سۆفیەکان دونیای جوانیی باوو ڕواڵەتیان نەویستوەو ئەو شتانەی ناشیرینن لای خەڵك ئەوان بۆ مەسەلەی ڕۆح و چێژی تایبەتی سوودیان لێ بینیوەو بۆیە بەلایانەوە جوانی تیدا بەرجەستە بووە. وێڕای ئەوەی ئەوان هەر تەنیا حەزیان بە شەو نەکردووە، بەڵکو بوونەتە عاشقی شەویش:

**تێبگە بۆ چی بە جانن تاڵیبی شەو عاشقان:**

**نیوەشەو بوو، وەعدەگاهی هاتنی جانانە شەو**

[10] "يا عم ! والله لو وضعوا الشمس في يميني , و القمر في يساري, على أن أترك هذا الأمر حتى يظهره الله أو أهلك فيه ما تركته"

لێرەدا ئێستێتیکای چاوەڕوانی بەرجەستە دەبێت، بەوەی ئەم خۆشەویستی و فیداکارییە بۆ شەو لە شوێن و کاتێك دا دەگاتە لوتکە کە لە نیوەی شەودایە، واتە عاشقبوون بە شەو لێرەدا نهێنییەکەو جوانییەکەی دەردەکەوێت، کە گفتو بەڵێنی هاتنی دڵدارانە.

## دیسان فەزڵی شەو بەسەر رۆژ

مەحوی، بۆ پاڵپشتی هەموو تێڕوانینەکانی، دەیەوێ بڵێ، نەك هەر لەبەر ئەوە شەو گرنگی تایبەتی هەیە کە رۆژ بەرهەم دەهێنێ و خەڵوەتگەهی دڵدارانەو کاتی هاتنی گفت و بەڵێنەکان و شوێنی دەرخستنی رازو نهێنییەکانە....هتد، بەڵکو نهێنییەکی گەورەی تێدایە کە تا ئێستا کەس نایزانێ، ئەویش ئەوەیە دەبێ نهێنییەك هەبێ کە بۆچی میعراج و شەوی قەدرو بەرات، تایبەت کراون بەم کاتی شەوەو نەبەخشراون بە رۆژ:

**هێندە صاحێب سیڕە، (میعراج) و شەوی (قەدر) و (بەرات)**

**خاصەجاتی ئەون،و مومتازە بەم ئەسرارانە شەو**

کەواتە نەك هەر لای مرۆڤە تایبەتەکان، ئەوانەی پێچەوانەی باو بیردەکەنەوەو جوانی لە ناشیرینەکانەوە بەرجەستە دەکەن، بەڵکو چونکە گوتاری شەو گوتارێکی تایبەتەو پڕە لە نهێنی و گوتاری رۆحە، واتە جەوهەرێکە وردبوونەوە لێی و کەشفکردنی ئەو نهێنیانە ئەزموون و قوربانی دان و فیداکاری دەوێ، یان تێگەیشتن لەو جوانییە ماندوبونی دەوێ، لەبەرهەندێش خوا بەرات و میعراج و قەدری بەخشیوەتە شەو نەك رۆژ.

## ئێستێتیکی گەوهەرەکانی شەو

مەحوی دەیەوێ بڵێ، ئەو روانینەی کە پێی وایە شەو ترسناکەو هەر کەس خۆی لێ بدا رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە، ئەمە راست نییە و شەو وەك دەریایەك وایەو ئەو دەریایە پڕە لە دوڕو گەوهەری مەعریفەت، هەرکەسێکیش بیەوێت ئەم گەوهەرانە بدۆزێتەوە، دەبێ خۆی لەو دەریایە بدا، بەڵام مەترسی خنکانی نییەو ناخنکێ, بەڵکو جوانی تام و چێژی رۆحی دەبینێ:

**هەرکەسێ تاڵیب بە دوڕڕی مەعریفەت کۆکردنە**

**پڕ لە دووڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو**

ئەوەی داوای شەو و دوڕو گەوهەرەکانی بکات، دەبێ بنالێنێ بۆ ئەوەی رۆژی لێ بەدیار بکەوێت، رۆژی بەرجەستە نا، بەڵکو رۆژی مەجازی، واتە گەیشتن بە لیقای خودا، ئەم نالینە پەرستنێکی رۆحی بەرجەستە دەکات، پێچەوانەی پەرستشە رواڵەتیەکانی خەڵك، بۆیەشە بەرهەم و

سەرەنجامەکەیشی جیاواز دەبێت، بەوەی هەر کەسێك بەم ئەزموونە تێپەڕێ و بنالێنێ تا سەحەر، ئەوا وەك خدر ئاوی حەیات و نەمری بەدەست دێنێ، نەمری لە جوانی و چێژو جەوهەرو رۆح، وەك چۆن خدر ئاوی حەیاتی لە تاریکاییەکی قووڵدا دۆزییەوە، بە هەمان شێوە گەیشتن بە نەمری رۆح و چێژبینین، دەبێ بە تاریکایی شەودا گوزەر بکاو ناڵین و ئازارو زەحمەتیەکان ببڕێت:

**وەك (خزر) ئاوی حەیاتی فەیزی حەق عافێتییە**

**ئەو خودا پێداوە (مەحوی)! تا سەحەر ناڵانە شەو.**

**ئەنجام**

1- جوانیی دەق لەوەدایە زیندوێتی ببەخشێ، ئەم زیندوێتییەش لە دەقی کراوە بەرهەم دێت، بەو واتایەی دەقی تاك واتا، کوشتنی دەق رادەگەیەنێت و دەقی فرەواتاش جوانی و زیندوێتی پێدەبەخشێ. شەویش لای مەحوی دەشێ زۆرترین خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لە هەموو خوێندنەوەکان بەهاو جوانیی لێ وەدەست دەهێنرێ.

2- شەو لای مەحوی، هەر تەنیا جوانییەکی تەجریدی نییە، یان تاکە جوانییەك نییە، بەڵکو جوانیشە بۆ سەرچاوەکانی تری وەك رۆژ، بەمەش سەروچاوەکە لە جوانیی شەودا پەرش دەبێت بۆ جوانیەکانی تر.

3- شەو لای مەحوی ئیستێتیکای رۆح و جەوهەرە، واتە پێچەوانەی رواڵەتئامێزییو ئاراستە باوەکەیە.

4- چێژی رۆحی و سوودی ئیمانی لە شەودا بەرجەستە بووەو بەمەش جوانییەکانیان لەم دوو تەوەرەوە پەرش و بلاّو دەبێتەوە.

5- ئیستێتیکای ئەم دەقە، لە ئەزموونی تایبەتی شاعیرەوە هەڵقولاّوە، بەو وێناکردنە تایبەتییەی شاعیر بۆ شەو هەیەتی و هەموو ئەو جوڵە رۆحی و ئەو روانینە دانسقانە بوونە کەرەستەیەکی پتەو بۆ بیری جوانی.

6- هەست وەك بنەمایەکی ئیستێتیکی، لەم دەقەدا بە روونی دیارە، بەوەی هەستێکی تایبەت بە سرووشتی شەو و رۆژ و دونیای تایبەتی شەو، خوێنەریش لەگەڵ شاعیر دەبەنە جیهانێکی پڕ لە ئیستێتیك.

7- رووخسار(فۆرم) کە بەلای هەندێ توێژەران رەگەزێکی گرنگی هاتنە کایەی جوانییە، بەتایبەتی لە سیحرو نهێنی دەنگو ئاوازدا، دووبارەکردنەوەی وشەی شەو لەناودێرەکان و کردنی بە پاش سەروا لە کۆی دەقەکەدا چێژێکی جوانی تری بە دەقەکە بەخشیوە.

8- ناوەڕۆکی خەڵوەت و رازدەرخستن و دۆزینەوەی گەوهەرەکانی شەو، ناوەڕۆکێکی بەهێزیان بەخشیوەو جوانییەکیان بەبەر بەرگی ناوەڕۆکدا کردوە.

9- لەناو سوتان و فیرقەتیش دا کە ناخۆشی و ترسناکی بلاّودەکاتەوە، بیری ئیستێتیکی بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی لە قوربانیدان بۆ گەیشتن بە رۆشنایی و لە سوتان و ماندوبوون و بیری فیداکارانەدا، چێژو بەهای رۆح دەدۆزرێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


**بە کوردی:**

1- دیوانی مەحوی، مەلاعبدالکریمی مدرس و محەمەدی مەلاکەریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، 1385

2- رێبەرییەك بۆ ئیستێتیك، ئاتیماری گیتمان- زیفەرت، وەرگێڕانی کاوە جەلال، کتێبی هەنار-چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، 2009

**بە عەرەبی:**

3- استطیقا الشعر ، **في الأسس الفلسفية لعلم جمال الشعر** ، عبدالعزيز بومسهولى انترنيتhttp://www.aljabriabed.net/n15_11busamhuli.htm

4- علم الجمال عند ابى حيان التوحيدى ومسائل فى الفن، د.عفيف بهنسى، بغداد، مطبع ثنيان، 1972

5- فلسفة الجمال، د. أميرة حلمى مطر، دار الشؤون الثقافية العامة ( ألافاق عربية) بغداد والهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، بدون سنة الطبع.

**بە فارسی:**

6- فرهنگ اصطلاحات وتعبيراتى عرفانى، سيد جعفر سجادى، چاپ چهارم، 1378ه.ش



**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆنفرانسی زانستی زانکۆی بنگۆل لە باکووری کوردستان خوێندراوەتەوە کە لە رۆژانی 6-2012/9/7 بەڕێوەچوو، دواتریش لە کتێبی کۆنفرانس هاتە چاپ کردن.**